# له لای پێغەمبەری خودا بووین -صلى الله عليه وسلم- وقورئانمان کۆدەکردەوە له کاغەزەکانەوە، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: توبا بۆ شام

له زەیدی کوڕی سابیتەوه -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «له لای پێغەمبەری خودا بووین -صلى الله عليه وسلم- وقورئانمان کۆدەکردەوه له کاغەزەکانەوه، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «توبا بۆ شام*»، ووتمان: بۆچی ئەی پێغەمبەری خودا؟، فەرمووی: «چونکه فریشتەکانی خودای میهرەبان باڵەکانیان بەسەریدا بڵاو دەکەنەوه». *(توبا بۆ شام: واته شام به بەرەکەت بێـت وژیانی خەڵکەکەی خۆش وئارام بێت)

[صەحیحە] [تورموذی گێراویەتیەوە - ئەحمەد گێراویەتیەوە]

زەیدی کوڕی سابیت -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە ئەوان له لای پێغەمبەری خودا بوون -صلى الله عليه وسلم- وقورئانیان کۆدەکردەوه لەو کاغەزانەی قورئانیان لەسەر نووسیبوو، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (توبا بۆ شام)*، ووتیان: بۆچی ئەی پێغەمبەری خودا؟ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (چونکه فریشتەکانی خودای میهرەبان باڵەکانیان بەسەریدا بڵاو دەکەنەوه): واتا به باڵەکانیان دەوری شام دەدەن ودەیپارێزن، وبۆیه بەرەکەت وپیرۆزی بەسەریدا دادەبەزێت، وئازار وزیانەکانی لێدوور دەکەوێتەوه، وله کوفر وفیتنەکان دەیپارێزێت. ئایا ئەمه بەردەوامه هەتاوەکو کاتی ئێمه یان مەبەست له فەرموودەکه سەردەمی یەکەمه له پاش سەردەمی پێغەمبەرایەتی؟ وفەرموودەکه گشتییه، ومەرج نییه بۆ هەموو سەردەمێک بێت، وخودا زاناتره -والله اعلم-. *(توبا بۆ شام: واته شام به بەرەکەت بێـت وژیانی خەڵکەکەی خۆش وئارام بێت)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10561